# ووتمان: تۆ سەیدی (گەورەی) ئێمەیت، ئەویش فەرمووی: «سەید (گەورە) الله یە

له عبدالله كوڕی شیخیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دەرچووم لەگەڵ شاندێك لە بەنی عامیر بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ووتمان: تۆ سەیدی (گەورەی) ئێمەیت، ئەویش فەرمووی: «سەید (گەورە) الله یە». ووتمان: باشترینی ئێمەی لە چاكەدا، وگەورەترین دەسەڵاتت هەیە لەنێوماندا، فەرمووی: «وتەی ئاسایی بڵێن (واز بهێنن لە زیادەڕەوی كردن)، وبا شەیتان بەكارتان نەهێنێت».
[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود وأحمد) ڕیوایەتیان كردووە)]

كۆمەڵێك هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، كاتێك گەیشتنە لای -وەسفیان كرد- وهەندێك ڕستەیان ووت كە حەزی پێنەكرد -صلى الله عليه وسلم-، ووتیان: (تۆ گەورەی -سەیدی- ئێمەیت)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (گەورە -سەید- الله یە)؛ خاوەن مەزنێتی ودەسەڵاتی تەواوە بەسەر خوڵقێنراوەكانی وئەوانیش بەندەی اللـه ن. ووتیـان: (بـاشترینی ئێمـەی لـە چـاكەدا)؛ وبەرزتریـن پلـە وشەرەفمەنـدی وسـیفەتت هەیـە. و(گەورەتریـن دەسەڵاتت هەیە لەنێوماندا)؛ ولە هەمووومان بەخشندەتر وبەرز وبڵندتری. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونی كردن بۆ ئەوەی قسەیەكی ئاسایی بڵێن وزیادەڕەوی نەكەن لە قسەكانیان، وڕێگە نەدەن شەیتان بەرەو زیادەڕەوءیان ببات لە وەسفكردن وستایشدا چونكە لەوەیە ئەمە ڕێگا بێت بۆ تووشبوون بەوەی حەرامكراوە لە شیرك وهۆكارەكانی.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3389

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee